# یارمەتی یاسایی لە کەیسی سەبارەت بە کۆچی بنەماڵەیی

**"NOAS" کام بابەتانە لەبەر چاو دەگرێت؟**
"NOAS" تەنیا بۆ ئەو کەیسانەی خوارەوە ڕێنمایی و هاوکاری یاسایی پێشکەش دەکات:
- ئەو کەسانەی (کەسی پشتیوانکار، یان خود ئەو کەسەی لێرەیە و ئەیەوێ بنەماڵەکەی بهێنێت) کۆچبەری گوێزراوەن یان لە نەرویج داوای پەنابەرییان کردووە و بەو پێیە مافی مانەوە لە نەرویجیان پێدراوە.
- ئەو کەسانەی لە نەرویج بن یان وڵاتێکی تر جیا لە وڵاتی خۆیان بن و داوای پەنابەرییان پێدرابێت.

**کەیسەکانتان بۆ "NOAS" بنێرن**
ئەگەر دەتانەوێ "NOAS" سەیری کەیسەکەتان بکات، دەبێ نامەیەکی بریکاری (وەکالەت) بە نووسراوە لەگەڵ کۆپیەکی کەیسەکەتان بۆ ئێمە بنێرن.

**ئەو بەڵگانەی پێویستە بینێرن بۆ "NOAS" بۆ ئەوەی سەیری کەیسەکەتان بکات:**
- نامەیەکی بریکاری (وەکالەت) کە هەردوولاتان واژۆتان کردبێت.
- بەڵگەی بڕیاری مافی مانەوەی کەسی پشتیوانکار (مافی مانەوە لە سەر بنەمای پاراستن یان بە هۆکاری مرۆڤدۆستانە).
- هەر جۆرە بەڵگەیەکی ڕەت بوونەوەی داخوازی کۆچی بنەماڵەیی
- ئەگەر هەر بەڵگە یان زانیارییەکی دیکەتان هەیە و پێتان وایە بۆ کەیسەکە گرنگن، دەتوانن بۆمان بنێرن.

**کات بۆ جێبەجێکردنی کەیسەکە**
ئێمە هەوڵ دەدەین هەرچی زووتر دەست بە کاروباری کەیسەکەتان بکەین. "NOAS" هەمیشە هەوڵ دەدات کەیسە بەپەلەکان بخاتە پێشەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گەرەنتییەک نییە کە ئێمە کەیسەکەتان بگرینە ئەستۆ.

**ڕێنمایی بۆ داوا کردن:**
- ئەگەر خوازیاری کۆچی بنەماڵەیین، "NOAS" دەتوانێ ڕێنماییتان بکات.
- "NOAS" بۆ پڕکردنەوەی فۆرم یارمەتیتان نادات.

**هاوکاری یاسایی دوای ڕەتبوونەوە**
ئێمە وەکوو "NOAS" تەواوی ئەو کەیسانەی کە دەگاتە دەستمان، دەخوێنینەوە. بەڵام ئەو کەیسانەی کە پێمان وایە بە ڕاستی دەرفەتی گۆڕانکارییان تێدا هەیە، دەخەینە پێشەوە.

**ئێمە لە لێکدانەوەکاندا ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەر چاو دەگرین:**

- تا چەندە لە شوێنی ترەوە یارمەتیتان وەرگرتووە.
- تا چەندە زانیاری نوێ و گرنگ دەربارەی ئێوە هەیە کە پێشتر UDI / UNE لەبەر چاوی نەگرتوون یان دەکرێ ئاکامی کەیسەکە بگۆڕن.

ئەگەر پێمان وابێت کە ناتوانین ڕەتبوونەوەی کەیسەکەتان چاک بکەینەوە، ئەوا پێتان دەڵێین و هۆکارەکەشتان بۆ ڕوون دەکەینەوە.